ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-1-2007 18:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەڕەشەکانی حکومەت و سوپای تورکیا لە خەڵکی کوردستان مەحکومە!

ماوەیەکە حکومەتی تورکیا دەستیکردوە بە هەڕەشەکردن لە خەڵکی کوردستان، لە ژێر ناوی لێدان لە "پ.ك.ك" و پاراستنی بەورژوەندی تورکمانەکان لەشاری کەرکوك، هەروەها هەوڵدانی بەردەوامی بۆ تێکدانی هەلومەرجی کوردستان. ئەم بیانوە سیاسیانەی تورکیا درۆیەکی شاخدارە.

سیاسەتی تورکیا و دەخاڵەتکردنی لە هەلومەرجی سیاسی عێراق و پەیدایکردنی شوێن پێگەیەکی پتەو لە نێو عێراق و کوردستاندا، سیاسەتێکی دیرینی ئەم دەوڵەتە فاشییەیە. بەڵام لەهەڵومەرجی ئەمڕۆدا کە ئەمەریکا و سیاسەتە داگیرکارییەکەی لە عێراقدا فەشەلی هێناوە و دەرگیرە لە گەڵ گەورەترین تەنگژەی سیاسی و سەربازی ئابوریدا، تورکیا لەهەوڵی ئەوەدایە کە جێگاو ڕێگای خۆی لە ئاستی ناوچەکەدا و لە ڕێگای هەڕەشە و دەخالەتکردنی لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا بسەپێنێت. بونی تورکمان و هێزەکانی پەکەکە بکاتە ناوینشانی سیاسی دەخالەتکردنەکەی.

سیاسەتی حکومەتی تورکیا و سوپاکەی جێگای ئیدانەی توندی ئێمەیە و پێویستە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ئیدانە بکرێت. خەڵکی کوردستان بۆ بنەبڕکردنی هەڕەشە و دەخالەتی بەردەوامی تورکیا لە کاروباری نێوخۆیدا ڕیگایەکی گونجاوی لەبەردەمدایە، کە لە ڕێگای رفراندۆمێکی گشتی و ئازادەوە دەنگ بدات بە جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکولار و ناقەومی، ڕیکخراوی کوردستان خەباتی خۆی لە پێناو ئەم خواستەی خەڵکی کوردستاندا تاسەر دەباتە پێشەوە.

ڕیکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2007/1/25



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.